# شیعری هاوچەرخ

## گوڵم لێرە

بێ مەوقیف

ئەمرۆ ئەبێ
لەگەڵ سەخیفا هەڵکەیت و بڵێ ی بەخوا
شازی پیاوە
خۆت لە عاقڵ دوورخەیتەوەو
بڵێ ی حەیفێ خلەفاوە
ئەمرۆ ئەبێ ماستاو بکەیت
بۆ هیچ و پووچ
کە ژەهریشیان دایتێ بیخۆیت
بڵێ ی ئەوەیە پاقلاوە
+++
هەموو ئەولادی سکێکن
تەزبیحەکانیش وەك یێکن
شێت و عاقڵ هەر یەکێکن
بۆیە ئیتر
هێندە لە گەندەڵ مەخوێنە
لای بەعزێ کەس
تێکۆشەرن
دەسترەنگینن
رێك وپێکن
+++
لە دوورەوە
شتێك دەمی کردۆتەوە
یان خونچەیە
یان درندەی دارستانە
ئەرێ بەددین
ئێستا شتێکیان بۆ هەڵدام
ئاخۆ ماچ بێ یان روممانە؟!
+++
ئێرەش سەیرە
درۆ دەلب و
لەخۆوە دڵ تیا تەنگ ئەبێ
شەعب تورەو
تەرازوومان لاسەنگ ئەبێ
ئازادی خۆی هەڵئەواسێ و
دیموکراسی بە پەنگ ئەبێ
بەڕاستی عەجیبە گولم
ئەها چەند زوو
درەنگ ئەبێ!!!

یەکەم: چی یە ئەمڕۆ دلت زۆر خۆشە وا پێ ئەکەنیت؟
دووەم: بێ تۆ ناخۆش پەرداخێك شەربەتی هینم خواردەوە.. شەربەتی کوردایەتی
یەکەم: شەربەتی کوردایەتی؟! نۆشی گیانت بێ رەببی
دووەم: سەلامەت بی بەقوربان.. ئەی باشە تۆ بۆ وا بێ تاقەتیت؟
یەکەم: چۆن بێ تاقەت نابم برادەر؟!.. شەربەتەکەم دەست نەکەوت شافەکەیان پێ هەڵگرتم




## ئاشکرا کرا

+ مژدەم بەرێ قوربان شکور تەواو
- چۆن تەواو؟
+ ئاشکرا کراو تەواو
- دەك لە خوا بەزیاد بێ یاخوا.. یەعنی ئیتر پیاو ئەزانێ بودجەکە چەندە؟!
+ کام بودجەیە گەورەم؟! جەنابت باسی چی ئەکەی؟
- ئەی تۆ نالێ ی ئاشکرا کرا؟!
+ قوربان من بودجەو مودجە نالێم.. هین ئاشکرا کرا.. سوودەکانی بیبەری تیژ
- بیبەری تیژ؟!
+ بەڵێ ئەوەتا جەریدەی خەبات نوسیوێتی ئەڵێ سوودەکانی بیبەری تیژ ئاشکرا کرا